گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 17-05-2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 05-07-2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 28-02-2025
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper4

# ڕۆڵی ئاوازدانەر لە پرۆسەی موزیکداناندا

**ابوبكر خالد احمد[1] - هيثم شعوبي ابراهيم[2]**

Hathamshaoobi54@gmail.com - bakr.xald@gmail.com

[1]بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی پەروەردەی هونەری، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی موستەنسەرییە، بەغداد، عێراق.

## پوختەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕێبازی مێژوویی و وەسفی ئەنجام دراوە، بەشێوەیەکی زانستی و چەند بابەتێک لەخۆدەگرێت، بەشێوەیەکی گشتی باس لە ڕۆڵی ئاوازدانەر دەکات لە پرۆسەی موزیکدانان لە مێژووی چەند سەردەمێکی جیاجیای موزیک لە ئەوروپادا، هەروەها تیشک دەخاتەسەر هەوڵ و کۆششی. ئەو دانەرانەی کە ڕۆڵیان هەبوە لە پێشخستن و پەرەپێدانی شێواز و فۆرمەکانی موزیک.

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە لەچەند بابەتێک پێکهاتوە: بابەتی یەکەم تایبەتە بە مێژووی موزیکدانان لەئەوروپا و ئەو ئاوازدانەرانەی لە چەندین قوتابخانەی موزیکدانان لەهەریەک لەوڵاتانی وەک (ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و نەمسا و هۆڵەندا و بەریتانیا) کاری هونەری موزیکدانانیان ئەنجامداوە. بابەتی دوەم باس لەلایەنە فرەڕەهەندەکانی ئاوازدانەر و پرۆسەی موزیکدانان دەکات. بابەتی سێیەم تایبەتە بە شێوازی کاری هونەریی ئاوازدانەران. بابەتی چوارەم باس لە جۆرەکانی چنین (Textures) لەموزیکدا دەکات کە بریتین لە مۆنۆفۆنی و هۆمۆفۆنی و پۆلیفۆنی و هیترۆفۆنی، دواتر توێژەر بەچەند خاڵیک ئەنجامی توێژینەوەکەی خستۆتەڕو، کە گرنگترینیان بریتییە لە: تایبەتمەندی دانەری موزیک، ئاشنابونیەتی بە زانست و ڕێساکانی موزیکدانان کە وەکو ڕێبەرێکە بۆ ئاوازدان بەشێوەیەکی زانستی.

**کلیله وشەکان:** ڕۆڵ، ئاوازدانەر، پرۆسەی موزیکدانان

## ١- پێشەکی

هونەری موزیکدانان(composition) پرۆسەیەکە بەچەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت و پەیوەندی بەزۆر بابەتەوە هەیە لەوانە: ئاستی هونەری موزیکی و خوێندنی بابەتی موزیکدانان بەشێوەیەکی زانستی، هەروەها بەهرە و لێهاتویی دانەر و ژینگەی لەبار و گونجاو و زۆر بابەتیتر. لەمێژوی سەردەمەکانی موزیکدا چەندین دانەری بەتوانا شاکارەکانیان گەیاندە ترۆپکی داهێنان و ئەفراندن، کە تاکو ئێستا بەرهەمەکانیان لە هۆڵەکانی وڵاتانی جیهاندا لەلایەن ئۆرکسترا و گروپە

جیاجیاکانی موزیک نمایشدەکرێن و بۆتە جێی سەرنج و تێڕامانی گوێگران و ئامادەبوان، لەئێستاشدا ئەو بەرهەمانە بەشێوەی بینراو و بیستراو دەستەبەرکراون. ئاوازدانەران بە شێوە و ستایلی جیاجیا ئاوازەکانیان لە چوارچێوەی فۆرمەکانی موزیکدا دارشتوە. بۆ ئەم مەبەستەش لێکدانەوەی جیاواز هەیە سەبارەت بە ڕۆڵی ئاوازدانەران و شێوەی کاری هونەرییان.

**١-١ کێشەی توێژینەوە:** دانراوە موزیکییەکان وەک بەرهەمێکی هونەری، لە ڕوی پێکهاتەو بابەتە بنەڕەتییەکان کە لەڕستەی موزیکیدا خۆی دەنوێنێ، لە ڕوی ڕوکاری گشتییەوە چەندین فۆرم وەردەگرن. تیۆرەکانی موزیکدانان چەندین دەرفەت و ئەگەریان بۆ ئاوازدانەر ڕەخساندوە، کە بیرۆکەی نوێ و هەمەچەشن لەخۆدەگرێت. بەجۆرێک ئاوازدانەر تەواوی ئازادی هەیە لەهەڵبژاردنی فۆرم و دەستەواژەکان لە ڕوی پێکهاتەی ڕیتمی و میلۆدی، کە بەهۆیەوە دەتوانێت گوزارشت لە هەست و بیری تایبەتی خۆی بکات. دەربڕینی موزیک بەهۆی میلۆدی و ڕیتمەوەیە، ئاوازدانەریش لەو ڕێگەیەوە هەستەکانی خۆی دەگەیەنێتە کەسانی تر، ئەو فاکتەرەی کە بەها هونەرییەکانی پارچەیەک موزیک دیاری دەکات، بریتییە لە گوزارشت لە خەیاڵی ئاوازدانەر و ڕەسەنایەتی لە دەربڕیندا(بورتنوي، ١٩٧٤: ٢٤١).

موزیکدانان هونەرێکە لە دەرئەنجامی بەهرەی خۆڕسک و سروشتیەوە، یان لە بەهرە و خوێندنەوە دێتە ئاراوە، بۆیە لە چوارچێوەی ئەزمونی ئاوازدانەراندا بوارێکی فراوان هەیە، بەپێی سەلیقە و لێهاتویی کەسی، کێشەی داهێنەری هونەری بە گشتی و داهێنەری موزیکی بەتایبەتی، یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان و پەیوەندی بە کەسایەتی هونەرمەندی داهێنەرەوە هەیە، داهێنان لە بواری موزیکدا لەو ئاوازدانەرەوە دەست پێدەکات کە بیرۆکەکەی دەخاتەڕو، بۆیە لە کاتی گوێگرتن لەهەر ئاوازێکی موزیک، گوێ لە ئەزمون و بابەتیی خود دەگرین کە لە کەسایەتییەکی تایبەتەوە سەرچاوەی گرتوە. هەمیشە بیرکردنەوەکانی ئاوازدانەر لە دو بابەتی جیاوازەوە سەرچاوە دەگرێت، یەکەم: پێکهاتەی کەسایەتییەکەی. دوەم: کاریگەرییەکانی ژینگە و ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە. چونکە هەر ئاوازدانەرێک لە قۆناغێکی دیاریکراودا ژیان بەسەر دەبات و هەر قۆناغێکیش کارەکتەری تایبەتی خۆی هەیە. هەمو ئەم فاکتەرانە هۆکاربون کە توێژەر توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی ڕۆڵی ئاوازدانەر لە پرۆسەی موزیکداناندا ئەنجام بدات و ئەوەش بوە مایەی دروستبونی چەند پرسیارێک لای توێژەر کە ئەمانەن: ١- ئایا مەرجە ئاوازدانەر شارەزایی دەربارەی زانستی موزیکدانان هەبێت؟ ٢- ئایا کەسایەتی ئاوازدانەر کار لە ئاست و جۆری ئاوازدان دەکات؟ ٣- پێویستە ئاوازدانەر چۆن مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکانی موزیکدانان بکات؟

**٢-١ گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت لە ناوەندە ئەکادیمی و هونەرییەکان، لەم بوارانەی خوارەوە سودی لێببینرێت:

١- ئاشنابون بەو داهێنانەی ئاوازدانەران بینیویانە لەبواری موزیکداناندا.

٢- ئاشنابون بە ڕەوتی پرۆسەی موزیکدانان لە مێژوی سەردەمەکانی موزیک لە وڵاتانی ئەوروپا.

٣- - خستنەڕوی شێواز و جۆرەکانی ئاوازدانان.

٤- ناساندنی شێوازەکانی چنین لە موزیکدا(Textures).

**٣-١ ئامانجی توێژینەوە**: ئامانجی توێژینەوە بریتییە لە بەدیارخستنی:

١- ڕۆڵی ئاوازدانەر لە پرۆسەی موزیکداناندا.
٢- جۆرەکانی ئاوازدانەر.
٣-قوتابخانەکانی ئاوازدانان لەسەردەمەکانی موزیک.
٤- جۆرەکانی چنین لەموزیکدا.

**٤-١ سنوری توێژینەوە:**

- سنوری بابەتی توێژینەوە: بەدیارخستنی ڕۆڵی ئاوازدانەر لە پرۆسەی موزیکداناندا.
- سنوری جوگرافی: بریتییە لەبەشێک لە ولاتانی ئەوروپا وەک: (ئیتالیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، نەمسا، هۆڵەندا وبەریتانیا).
- سنوری کات: تایبەتە بە سەردەمی ناوەراست تاکو سەرەتای سەردەمی ڕۆمانتیک لە ئەوروپادا.

**٥-١ میتۆدی توێژینەوە:** سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکە (مێژوویی و وەسفی)یە، پشت بەستە بە سود وەرگرتن لە کتێب وسەرچاوەکان ومالپەرە ئەلیکترۆنییەکان، وەسفی دیاردەیەک یان ڕوداوێک یان شتێکی دیاریکراو دەکات.

**٦-١ پێناسەی زاراوەکان:**

ئاوازدانەر: واتا ئەو کەسەیە کە ئاوازدادەنێت، توانا و لێهاتویی ئاوازدانان، لە ئاوازدانەرێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازی هەیە. سەرەتا بۆ دانانی هەر موزیکێك، ئاوازدانەر بیرۆکەیەك لە نێو فۆرمێك دادەڕێژێت و بەپێی یاسای موزیکدانان دارشتن بۆ موزیکەکە دەکات.(Alfredo Cartone, 2016)

بونی زانیارییێکی فراوانی موزیکدانان لای ئاوازدانەر، پێکهاتە و توخمەکانی موزیك بە شێوەیەکی ڕێك و پێك دارشتنیان بۆ دەکرێت و لە ڕێگای بەجێهێنانیشەوە توانا و ئاستی ئاوازدانەر بەدیار دەکەوێت ( Borowiecki and O'Hagan, 2012: 6).

موزیکدانان(composition): کارێک یان دارشتنێکی موزیکییە، لەلایەن ئاوازدانەرەوە ڕێکدەخرێت و ئەنجام دەدرێت، مێژوەکەی بۆ نزیکەی ساڵی ١٢٠٠ز دەگەرێتەوە. کە ئەو کاتەی هێلی موزیک لەیەک دانە میلۆدی بۆ چەند هێلێک لەلایەن ئاوازدانەرانەوە (composer) زیاد کرا (زکریا ٢٠٠٤: ١١٤)

**٢- چوارچێوەی تیۆری:**

**١-٢** پێشینەیەکی مێژوویی دەربارەی موزیکدانان لەئەوروپا:

ئاوازدانەران لەسەردەمەکانی مێژوی موزیکی ئەوروپیدا، بەشێوەی جیاجیا ئاوازەکانیان لە چوارچێوەی چەندین فۆرمی موزیکی دارشتوە. ئەمەش لەئەنجامی بەرهەمی ئەو ئاوازدانەرانەیە کە لە چەندین قوتابخانەی موزیکدانانی هەریەک لەولاتانی (ئیتالیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، نەمسا، هۆڵەندا وبەریتانیا) کاریان کردوە. شێوازی ئەو موزیکدانانەی کەلە نیوەی دوەمی سەدەی دوانزە و کۆتاییەکانی سەدەی سێزدەدا دەرکەوت، واتا بەنزیکەی ساڵی(١١٥٠ز) تاکو(١٣٠٠ز) بە هونەری کۆن(ars antique) ناسرابو، دەرکەوتنی فۆرمی مۆتێت (Motet)[1] لەشاری پاریس بە یەکێک لە فۆرمە هەرە دیارەکانی موزیکدانانی ئەو سەردەمە دادەنرێت (فەرید، ١٩٩٠: ١٩٧). هونەری کۆن، کەسەر بە کاتدرالی نۆتەردام بو توانی گوزارشت لە بیروبۆچونەکانی قوتابخانەی پاریس بکات. قوتابخانەکە لەلایەن کۆمەڵێک ئاوازدانەری موزیکی

کەنیسەی پۆلیفۆنییەوە نوێنەرایەتی دەکرا، بەشێک لەو دانەرانە لە سەدەی سێزدەهەمدا لە کاتدرالی ناوبراو لە پاریس کاریان کردوە، بەناوبانگترین دانەرانی ئەو سەردەمە بریتیبون لە (لیۆنین)[2] و (بیروتین)[3] (ChristineAmmer,2004:15).

لەئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەرییەریانەی لەسەرەتای سەدەی چواردەدا لە ئەوروپا ڕویاندا، بوە هۆی دەرکەوتنی ڕێبازێکی نوێی موزیکی کە بە هونەری نوێ(Ars Nova) ناسرابو.

ئەو پێشکەوتنەی لە هونەری نوێدا ڕویاندا بریتیی بو لەبەکارهێنانی ڕیتم و هارمۆنی نوێی پەیوەندییدار بە بەکارهێنانی ئازادی ناتەبا (حر التنافر). ئەم شێوازە نوێیە لە دو توێژینەوەدا بەناوەکانی "موزیکی هونەری نوێ" لە ساڵی ١٣٢٥ز، لەلایەن ئاوازدانەر و شاعیر و دیپلۆماتکاری فەرەنسی (فیلیپ دی ڤیتری ١٢٩١-١٣٦١ز) و کتێبێکی تر بە هەمان ناونیشان لەلایەن زانا (یۆهانس دی مۆریس)ەوە بەکارهاتوە. گرنگترین ئاوازدانەری فەرەنسی بۆ (هونەری نوێ) لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەدا (گیۆم دی ماشو) بو، سەرەڕای ئەوەی ئاوازدانەری مۆتێت بو، یەکەم ئاوازدانەر بو کە دانراوێکی پۆلیفۆنی بۆ (قەداس) ێکی تەواو بنوسێت (سەرچاوەی پێشو).

لەنیوەی یەکەمی سەدەی پانزەهەمدا قوتابخانەیەکی تری موزیکدانان بەناوی بۆرگۆندی (school Burgundian) دروستبو کە لەژمارەیەک ئاوازدانەر پێکهاتبو پەیوەندییان بە (بیلاط)ی دوکایەتی بۆرگۆندیەوە هەبو. (بۆرگۆندی ئەمڕۆ دەکەوێتە باکوری فەرەنسا و لە سەدەی پانزەهەمدا هەمو ئەو وڵاتانەی لەخۆگرتبو کە ئێستا ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا وبەلجیکا وهۆڵەندایە). ئەو دادگایەی کە دەکەوێتە شاری دیجۆن، یەکێک بو لە بەهێزترین دادگاکانی ئەوروپا وکاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر هونەر وسیاسەت هەبو. شارە گرنگەکانی دیکەی بورگان بریتی بون لە (کامبری) و(لیێج) کە قوتابخانەی (تەراتیل)ی دیاریان تێدابو.

دانەرانی پێشەنگی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە(جیل بێنشوا Binchois) و(گیۆم دوفای Dufay)، ئەم دانەرانە تاڕادەیەک کاریگەری هاوسەردەمە ئینگلیزەکانی وەک (جۆن دانستابڵ Dunstable) و(لیۆنێل پاوەر) یان لەسەر بو، هەرچەندە دیارنییە لەبونی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا. بەڵام بە هەمان شێواز کاریان کردوە (هرمز، ٢٠١٥: ٦٥).

دانراوەکانی (گیۆم دوفای) قەداس و مۆتێتی تایبەت و دانسقە بون، هەمویان بە موزیکی دونیایی ناسرابون، بەتایبەت گۆرانییە فرە بەشەکان کە دەقەکانیان بەشێوەی شیعری فەرەنسی دانرابون و ئاوازەکانیان لەسەرفۆڕمی، ڕۆندۆ و بالاد و ڤێرلای بو. کاریگەریان لەسەر هەمو وڵاتانی ئەوسای ئەوروپادا هەبو.

موزیکە دانراوەکانی دانەرانی بورگوندی بەسەر سێ چینی دەنگیدا دابەشکرا بو (سۆپرانۆ و ئاڵتۆ و تێنۆر). و شێوازی تەکنیکێکی نوێیان بەکارهێنا بەناوی (FAUXBOURDON) کەگەشەسەندنی نوێی تێدابو بە بەکارهێنانی ( cantus firmus)، و فۆڕمی مێلۆدیی لە دەنگی تێنۆردا. دانەرانی قوتابخانەی بۆرگوندی بە یەکێک لە پێشەنگەکانی سەردەمی ڕێنێسانس دادەنرێن. بەدوای ئەوان دانەرانی قوتابخانەی فرانکۆ- فیلیمنکی دێت (عكاشه، ١٩٨٠: ١٠١).

لە نێوان ساڵانی ١٤٥٠ز تا ١٦٠٠ز ژمارەیەکی زۆر ئاوازدانەر لەقوتابخانەی فرانکۆ- فیلیمنکی( Franco-Flemish School) کاریانکرد کە پێیان دەگوترا "فلاندەر"، جێگەی ئاماژەیە، سنوری فلاندەر بەرفراوانتر بو لەسنوری ئێستای هەریەک لە وڵاتانی بەلجیکا و ناوەڕاست و باشوری هۆڵەندا و باکوری فەرەنسا.

قوتابخانەی (فەرەنسی- فلامینکۆ) کە بەقوتابخانەی هۆڵەندیش ناسرابو، هەمو موزسیانە گرنگەکانی سەردەمی ڕێنێسانسی لەخۆگرتبو جگە لە قوتابخانەی بۆرگۆندی، دانەرانی فلاندەر لەسەرانسەری وڵاتانی ئەوروپا کاریان دەکرد.

یەکێک لە ئاوازدانەرە هەرە دیارەکانی فلاندەر بریتیبو لە (یۆهانس ئۆکجێم) ناوبانگی لە دانانی موزیکیی کڵێسادا هەبو، بەتایبەتی لەبواری دانراوی ماس (Mass)[4] ومۆتێت (Motet).

لەنێو دانەرانی هەمان سەردەمدا (ئەنتوان بۆسنۆی) ناوێکی دیار بو لەبواری گۆرانی و موزیکی دونیاییدا. لە بواری تیۆریشدا (یۆهانس تینکتۆریس) کۆمەڵێک توێژینەوەی نوسیوە و خاوەنی یەکەم فەرهەنگی چاپکراوی موزیکە بەناوی (پێناسەیەک بۆ زاراوەکانی موزیک). بەدوای ئەودا (جاکۆب ئۆبرێخت)[5]دێت. بەناوبانگترین ئاوازدانەری سەردەمەکەش بریتی بو لە(جۆسکان دو پرێ)[6].

بەرهەمی ڕاستەقینەی ئەم دو نەوەیە پەرەپێدانی موزیکیی پۆلیفۆنی بو، بەجۆرێک لەبری ئەوەی بەشی ( CANTUS FIRMUS) پێشەنگ بێت و بەشەکانی تر هاوشانی بن، هەمو بەشەکانی دەنگبێژان گرنگی تایبەتی خۆیان هەبو، ئەمەش(جۆسکان) و پەیڕەوانی، کاریان لەسەر کرد.

لاساییکردنەوە بەلای (جۆسکان)، بریتیبو لە ژەنینی  ئاوازێک لەچینێکی دیاریکراو و دواتر هەر چینیکی دەنگی بە نۆرە ئاوازەکەیان دەژەند و بواری دەنگی بەرەو خوارەوە فراوانتر کرد، هەروەها چینەکانی دەنگی باریتۆن (Baritone) و باس(Bass) یان، بۆ چینەکانی سۆپرانۆ(Soprano) و ئاڵتۆ(Alto) و تێنۆر(Tenor) زیادکرد. بەشێوەیەکی گشتی، (جۆسکان) و هاوسەردەمەکانی وەک دانەرانی بۆرگۆندی، بەرهەمەکانیان بۆ قەداس و مۆتێت و گۆرانییە دنیاییەکان دەنوسی، لەگۆرانییە دنیاییەکانیشدا کەمتر پشتیان بە فۆرمەکانی (ڕۆندۆ) و (بالاد) دەبەست.

قۆناغەکانی دوای جۆسکان بریتی بو لەگەشەسەندنی دەنگی مرۆیی، بەتایبەتی گۆرانی پۆلیفۆنی و مادریگاڵی ئیتاڵی، لەگەڵ بەردەوامیدان بە موزیکیی پۆلیفۆنیی کڵێسا. سەرەڕای نوسینی موزیک بۆ ئامێرەکان، بەتایبەتی بۆ ئامێرەکانی عود (Lute) و کیبۆرد (Keyboard)، موزیکی لیریکی پارێزگاری لەپێگە و بەهای خۆی کرد کە لەلایەن دانەران (کلیمەنت یانکان) و (نیکۆلاس گۆمپێرت) و (جان ڕێجافۆرت) و (جاکۆبۆس کلیمێنس) و (ئادریان ویلارت) و (کاپریانۆ دی ڕۆر) دانرابون.

لە کۆتاییەکانی سەدەی شانزەهەمدا ئیتالیا بوە ناوەندێکی سەرەکی بواری موزیک. یەکێک لە دانەرە دیارەکانی فیلیمنکی (ئۆرلاندۆ دی لاسۆ) بو، لەکارەکانیدا شێوازی فیلیمنکی و ئیتاڵی تێکەڵ بەیەک دەکرد (لایخنتریت، ١٩٦٤: ١٢٧-١٢٩).

کۆمەڵێک ئاوازدانەری تر لە(قوتابخانەی ڕۆما) کەسەر بەکەنیسەی ڕۆما بون دەرکەوتن و تاکۆتایی سەردەمی ڕێنێسانس و سەرەتای سەردەمی بارۆک(١٦٠٠ز) بەردەوام بون. هەرچەندە سەرهەڵدانی (قوتابخانەی ڕۆما) هاوکات بو لەگەڵ دەرکەوتنی (قوتابخانەی ڤینیسیا) و لە ڕوی بەکارهێنان و پەرەپێدانی پۆلیفۆنییەوە تایبەتمەندی هاوبەشیان هەبو، بەڵام (قوتابخانەی ڤینیسیا) بەناوبانگترین و فراوانترین بو. بەهۆی پەیوەستبونی زیاتری ئەو دو قوتابخانەیە بە یاساکانی کڵێساوە، لەلایەن قوتابخانەکانی ترەوە دژایەتی شێوازی موزیکدانانی ئەو دو قوتابخانەیە دەکرا. (پالێسترینا) یەکێک بو لە دانەرە هەرە بەناوبانگەکانی قوتابخانەی ڤینیسیا(فيني، ١٩٦٥: ١٩١-١٩٣).

لە قوتابخانەی ڤێنیسیادا جگەلە دانەرانی ئیتاڵی، دانەرانی فیلیمنکی بونیان هەبو، گرنگترین ئەندامەکانی بریتیبون لە، (ئادریان ویلارت) و (کلۆدیۆ مۆنتیڤێردی) و (ئەندریا گابرێلی) و (جیۆڤانی گابرێلی). هەرچەندە سەر بە سەردەمی

ڕێنێسانس بون، بەڵام دانەرانی قوتابخانەی ڤێنیسیا لە چاوەڕوانی سەردەمی بارۆک و دەستکەوتە نوێیە سەرەتاییەکانیان بون لە بەکارهێنانە کرۆماتیکیەکاندا لەڕێگەی بەکارهێنانی نیشانەکانی بەرزۆک(دێز) و نزمۆک(بیمۆڵ) کە لەلایەن دانەرانی کۆتایی سەردەم دا بەدیکرابون (لایخنتریت، ١٩٦٤: ٢٠٦، ٢٠٧).

لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە کۆمەڵێک ئاوازدانەری ئیتاڵی لە شاری بۆلۆنیا دەرکەوتن و قوتابخانەی بۆلۆنیایان دامەزراند. پێکهاتەی ئاکۆردیان کەمتر بەکاردەهێنا لەوەی کە لە موزیکی ناپۆلیدا بەکاردەهات، دانەرانی ئەم قوتابخانەیە بریتی بون لە (جوزێپی تۆرێلی) و (جیۆڤانی باتیستا ڤیتالیٚ) و (جیۆڤانی باتیستا باسانی) و (دۆمێنیکۆ گابرێلی) کە بەدانەری موزیکی ئامێریی(ئینسترۆمێنتاڵی)ناسراو بون و بەشدارییان لە پەرەپێدانی زۆر لە فۆرمەکانی موزیکیی کردبو، بەتایبەتی (تریۆ سۆناتا) و(کۆنشێرتۆ گرۆسۆ).

دواتر قوتابخانەی (مانهایم) لەلایەن شازادەی مانهایمەوە لەسەردەمی کلاسیک لە نێوان ساڵانی (1743-1757) دامەزرا و ببوە خاڵی وەرچەرخان لە مێژوی موزیکدا، لە بوارەکانی ئاوازدانان و ژەنین. جگە لە بەکارهێنانی میتۆدی هارمۆنی لە جیاتی پۆلیفۆنی، بە دارشتنەوەی فۆرمی نوێش جیاکرایەوە، کە گرنگترینیان فۆرمی سۆناتا بو لەبەکارهێنانیدا بۆ دروستکردنی فۆرمی تر.

دانەرانی ئەم قوتابخانەیە بریتیبون لە (یوهان کرستیان باخ) و (فیلیب ئەمانۆئیل باخ) و (فیلهم فریدمان باخ)، شێوازی کارکردنیان کاریگەری هەبو لەسەر دانەرانی ئیتاڵی، لەوانە (پۆکەرینی) و (تارتینی).

دواتر قوتابخانەی کلاسیکی ڤیەننا سەریهەڵدا و گرنگترین دانەرانی ئەو قوتابخانەیە بریتیبون لە (هایدن و مۆتزارت و بیتهۆڤن)، قوتابخانەکە گرنگیدا بە: پەرەپێدانی شێوازی نوێی ئاوازدانان و ڕێکخستنەوەی نوێی ئۆرکێسترا و پێشکەوتنی گەورە لە شێوازەکانی نمایشکردن (پێرفۆرمانس) و بەرزکردنەوەی پێگەی ئامێرەکانی ژێداری کەوانەیی، لەبری ئامێری فوداری تەختەیی. زیاترگرنگیدان بەکوالیتی تۆن و گۆڕانکاری لە دینامیکی دەنگ (dynamic p.f) (فەرید، ٢٠٠٠: ١٩٤-١٩٦).

لە سەردەمی ڕۆمانتیکی و دواتریشدا، بارودۆخەکە گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هات، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی کە موزیک و ژەنیارەکان شایەتحاڵی بون و قوتابخانەکانیش شێوازی جیاجیای ئاوازدانەرانیان پەیڕەو کرد، لەگەڵ فەلسەفەی قوتابخانەکان و جوانکارییەکانیان کە لەم سەردەمەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان دەرکەوتن.

لە دوای شۆڕشی فەرەنسا و دەستپێکردنی سەردەمی ڕۆمانتیک، ئاوازدانەران گرنگی زیاتریان بەرۆڵی خۆیان و ئەرکی کۆمەڵایەتی و گرنگیدانیان بەلایەنی ئێستەتیکی کارەکانیاندا. لەم بوارەشدا بیتهۆڤن یەکەم دانەری بلیمەت بو توانی لەکارە هونەریەکانیدا ئازادی دەستەبەر بکات بەو مانایەی کە شاکارەکانی گوزارشت بو لەڕەنگدانەوەی بیروبۆچونەکانی، ئەم بارودۆخەش لەگەڵ سەردەمی پێشو تەواو پێچەوانە بو.

ڕۆمانسیزم لە موزیکدا تیشکی خستە سەر سەرنجی خودی دانەران لەسەر بەکارهێنانی جۆرەکانی فۆرم بە شێوەیەکی ئازادانەتر لە پێشو، هەروەها ئاوازدانەرانی ڕۆمانتیکی بەشدارییەکی زیاتریان لە پەرەپێدانی هارمۆنی و جۆرا و جۆری ئۆرکێسترادا کرد(اینشتاین، ١٩٧٣: ٢٣).

**٢-٢ لایەنە فرەڕەهەندەکانی ئاوازدانەر (composer):**

فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگڵ[7] (١٧٧٠-١٨٣١) دەڵێت: "موزیک بریتییە لە ئەندازەیەکی تۆناڵیی، ئاوازدانەر بەسەر ڕوبەرێکی کاتدا دابەشیدەکات". کاتێک ئاوازدانەر لە قوڵایی ناخیەوە هەست بە چێژێکی زۆر بکات، باشترین بەرهەمی هونەری لەدایک دەبێت. بەهۆی سەرهەڵدانی بیرۆکەیەک یان بزواندنی هەستێکی وروژێنەر کەسەرەنجام دەبێتە هۆی دەربڕینی بەرهەمێکی موزیکی، بەجۆرێک وا هەست دەکەیت ئاوازە دانراوەکە لەخۆیەوە دروست بوبێت، دور لەهەوڵی هۆشیارانەی دانەر (عكاشة، ١٩٨٠: ١٨).

ئاوازدانەری موزیک یان گۆرانیی پاش تێڕامان و بیرکردنەوە، لەتوانایدایە بە ڕیتمێکی دیاریکراو هەمو جۆرە ئاوازێک دابنێت، دواتر لەلایەن گۆرانیبێژان یان ژەنیاران نمایش دەکرێت. پێویستە دانەر پێکهاتەکانی موزیک بەجۆرێکی مانا بەخش دابڕێژێت. پێکهاتەکانیش بریتین لە: هارمۆنی و مێلۆدی و ڕیتم و تۆن و ڕەنگی موزیک[8](تێمبەر) (المعرفة، ئۆنلان).

ژیانی ئاوازدانەر وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی، پڕە لە خۆشی و ناخۆشی، کاریگەری دەبێت لەسەر باری دەرونیی و بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ئەوکارە هونەریانەی کە بەرهەمی دەهێنێت. دانەری موزیک گوزارشت لە زۆربابەتگەلی جۆراوجۆر دەکات لەوانە: (ناسکی، توندوتیژی، چێژ، ئازار، خۆشەویستی، ڕق، سەرکەوتن، شکست، سەقامگیری، ترس، نامۆبون، نۆستالژیا، هیوا، نائومێدی، هتد...) و هەستەکانی تری مرۆڤ کە پێویستە لە ڕێگەی موزیکەوە دەربیبڕێت. ئەم دەربڕین و گوزارشت کردنەش تاڕادەیەک کارێکی ئەستەم دەبێت، ئەگەر دانەری موزیک خاوەنی بیرێکی فراوان و توانای دارشتنی موزیکی ئەو بابەتانەی نەبێت(الشوان، ٢٠٠٥: ٢٧).

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ و گوێگر، توێژەر (ئەسعەد محەمەد عەلی) دەڵێت: "هەربەرهەمێکی گۆرانی یان هەر فۆرمێکی تری موزیک پەیوەستە بە: توانای ئاوازدانەر بۆ ئەنجامدانی ئەرکی ئاوازدانان و فەراهەم بونی سەرچاوەی پەخش و بەجێهێنان و ستافی نمایش و جێبەجێکار، هەروەها بونی پەیوەندیەکی باشە لە نێوان دانەری موزیک و گوێگر لە لایەک و گۆرانیبێژ و گوێگر لە لایەکی ترەوە، وە بونی پەیوەندی تەکنیکی نێوان ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ"(محمد علي، ١٩٧٤: ١٠٧-١٠٨).

لەلایەکی ترەوە، مەرجە ئاوازدانەر هەستێکی بەردەوام بدات بەو پارچە موزیکەی کە وەکو بەرهەمێکی جددی ئاوازی بۆ دادەنێت، بتوانێت پارێزگاری لەبیرۆکەی سەرەکی دانراوەکە بکات، کە بریتییە لە (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی)، هەربۆیە دەبێ هەمو پێداویستی و ئامرازەکان لە بنیاتنانی بەرهەمێکی موزیکیدا بەکاربهێنێت(هرمز، ٢٠١٥: ٥٧).

پراکتیزەکردنی هونەری ئاوازدانان لە ساڵانێکی زۆری ئەزمونی نوسینەوە سەرچاوە دەگرێت. زۆرجار بە دارشتنی موزیکی ئامێریی (instrumental music) یان دەنگی مرۆیی (vocal) دەستپێدەکات، لەگەڵ شارەزایی لە تیۆری موزیک و زانستی ئۆرکێسترایشن (orchestration) کە شێوازی گونجاو بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەوکارە دابین دەکات. لە ئەنجامی گوێگرتن لە بەرهەمەکانی ئاوازدانەرانی پێشوتر و لێکۆڵینەوە لە دانراوەکانیان. لەلایەکی تر، هونەری ئاوازدانان بەو شێوەیە گەشە دەکات کە ئاوازدانەر هەست بکات توانای بەکارهێنانی ئامێرەکانی هەیە بۆ دوبارە وێناکردنی ئەو دەنگانەی دەیبیستێت و سەر لە نوێ دارشتنەوەی لەناو مێشکی خۆیدا(Shipps, 1999: 2) .

بەهرە و توانا و لێهاتوویی موزیکدانان لە دانەرێکەوە بۆ دانەرێکی تر جیاوازی هەیە. سەرەتا بۆ دانانی هەر پارچە موزیکێك، دانەر بیرۆکەیەك دەخاتە ناو فۆرمێکەوە و بە پێی یاسای موزیکدانان دارشتن بۆ موزیکەکە دەکات. زۆرینەی ئەو دانراوانەی دانەر کاریان لەسەر دەکات، میلۆدی سەردەمی پێشوترن، زۆرجار موزیکی فۆلکلۆری و موزیکی میللیش دەگرێتەوە. دواتر شێواز و کارەکتەری نوێ و جیای لێ بەرهەم دەهێنێت. بە لێهاتوویی و هەبونی زانیارییەکی باش لەلایەن دانەرەوە، یەکەکانی موزیك بە شێوەیەکی باش ڕێکدەخرێت و ئاستی دانەریش لە ڕێگای بەجێهێنانەوە بەدیار دەکەوێت(ئەلیاس، ٢٠١٧: ٢٧).

ئاوازدانەران، پێویستە گرنگی بە ڕۆڵی خوێندنی موزیکدانان (composition) بدەن، تاکو کارەکانیان ڕێک و پربەهای هونەری بن، خوێندنی ئەکادیمی لەبواری موزیکدانانـدا، ڕێبەرێکی گرنگە بۆ بەهرەمەندانی ئەم بوارە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی تەندروست هەڵسوکەوت لەگەڵ مێلۆدیدا بکەن و کارێکی هونەری ڕێکوپوخت دروست بکەن. هەمو ئاوازدانەرێک ناگاتە لوتکەی داهێنان لەکارە هونەرییەکانیدا، بۆیە باشتر وایە چەندین ساڵ مەشق و ڕاهێنانی بەردەوام بکات تاوەکو بگاتە شێوەیەکی ئاسان لە دەربڕین، کە لە ئەنجامی شارەزابون لە لایەنەکانی موزیکدانانندا دێتە بەرهەم، ئەمەش لەسەر بنەمای (داهێنان و دروستکردن و بنیاتنان) دامەزراوە(الشوان، ١٩٧٩: ٣).

لە پرۆسەی ئاوازدانانندا، توێژەران پێیان وایە ئاوازدانەر سەرەڕای بونی بەهرە وتوانای تەکنیکی لە بواری زانستەکانی موزیک، پێویستە ژینگەیەکی گونجاو و لەبار بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وشەسازی و پێکهاتەکانی میلۆدی دروست بکات، دواتر دەستنیشانی پەیژە یان مەقامێک بۆ دانراوەکە بکات، بەجۆرێک کە لەگەڵ ڕەنگی ئامێر وبواری دەنگی ئامێرە موزیکیەکان و لایەنی دەنگبێژیی و دارشتنی موزیکیدا بگونجێت.

### ٢-٣پرۆسەی موزیکدانان:

پرۆسەی موزیکدانان ئەرکێکی ئیلهامبەخشە و لە هەمان کاتدا کارێکی تاڕادەیەک ئەستەمە، چونکە پرۆسەکە چەندین لایەن لەخۆ دەگرێت وەک: ڕێکخستنی دەنگەکان، دیاریکردنی ڕیتم و دانانی هاوشانی (المصاحبة) ی لەبار و گونجاو(Chien-Hung Liu and Chuan-Kang Ting, 2016: 2).

لەڕوی چۆنیەتی بەکارهێنانی نۆتەی موزیک لەکاتی موزیکدانانندا "دانەر پێویستە ژیرانە نۆتەی موزیک هەڵبژێرێت وبەدیدێکی ورد ڕێکیان بخات، چونکە زۆرجار هۆی سەرەکی ناتەواوی شێوەی موزیک، دەگەڕێتەوە بۆ بونی کەرەسەی موزیکی زۆر و ناتەواوی ڕێکخستنی ئەو کەرەسانە، لەبەرئەمە یەکێک لە تێبینیە هەرە گرنگەکانی دانانی موزیک، کەم بەکارهێنان و ئابوریکردنە بەکەرەسەکانی موزیکەوە. هەرکاتێک بەئابوریکردنەوە نۆتەکان بۆ دانانی ئاوازێک ڕێکدەخرێن و پارچە و بەشە ناپێویستەکان دور دەخرێنەوە، شێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ ئاواز پێکدێت کە لەوانەیە گوێگر لەیەکەم بیستنیدا بتوانێ چێژی لێوەرگرێ و لە یادەوەری خۆیدا بیهێڵێتەوە(هاڵست، ٢٠٠٥: ٢١٥).

دانەر و پرۆسەی موزیکدانان، دو توخمن لەیەکتر جیاناکرێنەوە. موزیکدانان بەرهەمی دانەری خاوەن بەهرەیە کە بیرۆکەکە دروست دەکات و کەرەسەکانی موزیکدانان بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکی بیرۆکە موزیکیەکەی بەکاردەهێنێت، لێرەدا ئاستی داهێنان لە نێوان دانەرانی موزیک لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەسەکانی موزیکدانان دەردەکەوێت، کاتێک دەیانخاتە چوارچێوەی فۆرمێکی موزیکی و پێشکەشی گوێگری دەکات. گرنگترین تایبەتمەندی کە پێویستە لە کەسایەتی دانەری موزیکدا بەرجەستە بێت ئەوەیە، خاوەن بەهرەبێت، ئەمەش لە هەمو دانەراندا بەدی ناکرێت، هەرچەندە

زانســـتی موزیکدانانیشی ـــ خوێندبێت. تایبەتمەندییەکی تری دانەر بریتییە  لە ئاشـــنابونی بە زانســـتی موزیکدانان و پێکهاتەکانی، وەک زانسـتی هارمۆنی بە هەمو شـێوەکانیەوە، شـێوازی بەکارهێنانی کۆنترا پۆینت و فۆرمەکانی موزیک و زانسـتی ئامێرەکانی موزیک (ئۆرکێسـتراسـیۆن) و شـارەزایی لە شـێوازەکانی موزیکی کلاسـیک  و مۆدێرن، واتە ئاشـنابون بە هەمو شێوازە جیاجیاکانی موزیکدانان(یاسین، ٢٠١٠: ٥٨٢).

لەتوانای ئاوازدانەردا نیە سـادەترین ڕسـتەی موزیکی بە هەسـتێکی کاریگەرەوە بنوسـێت، ئەگەر پێشـتر گوێبیسـتی پێکهاتەکانی مێلۆدی و ڕیتم و هارمۆنی و...هتد، نەبوبێت.  پێویســـتە بیرۆکەکە لە یادگەی خۆیدا هەڵبگرێت بۆ ئەوەی لەکاتی پێویســـتدا جارێکی تر بهێنێتەوە بیری خۆی و دوبارە بەکاری بهێنێتەوە. ئەمەش بەپێی دانانی ئەو موزیکە نوێیەی کە مەبەستیەتی بینوسێت، ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی نەستەوە (لاشعور) ئەنجامدەدرێت(السيسي، ١٩٨١: ١٨-١٩).


ســەبارەت بە چۆنایەتی بەرهەم و دانراوە هونەرییەکان، (عەزیز ئەلشــەوان) دەڵێت "بەرهەمە هونەرییە مەزنەکان یان شـاکارە موزیکییەکان ئەوانەن، لە مێشـک و یادەوەری مرۆڤدا دەمێننەوە،  هەنگاو بەهەنگاوپێگەیشـتون و بە بەرهەم هاتون، یان زۆر جار لەوکاتانەدا نوسراون کە دانەر لەژێر کاریگەریی زەبروزەنگ، یان ڕوداوی ئازاربەخش یان لەســـاتە خۆشـەکاندا بوە، یاخود هێشـتا لەژێر کۆنترۆڵی سـۆزداریدایە، بە تێپەڕبونی کات لەسـەر ڕوداو و بەسـەرهاتەکان، دواتر دانەر کۆنترۆڵی خۆی و کارە هونەریەکەی دەکات. واتە لەدایک بونی کارێکی هونەری باش، لە هاوسـەنگی  نێوان عەقڵ و دەرونەوە سەرچاوە دەگرێت(الشوان، ٢٠٠٥، ٢٦).

هەردانەرێک پێش ئەوەی دەســـت بەدانان و نوســـینی موزیک بکات و کارەکەی دابرێژێ، بیر لە چۆنیەتی بەجێهێنان (Performing) و لایەنی پراکتیکی کارەکەی دەکاتەوە. ئەمەش واتای ئەوە دەبەخشێ ـــ کە هەر دانراوێک پێوســـتی بە دارشتنی چنین (Texture)ی تایبەت بەخۆی هەیە(هاڵست، ٢٠٠٥: ٢١٨).

### ٤-٢ ڕێبازی کارکردنی ئاوازدانەران لەمێژوی موزیکدا:

ئارۆن کۆپلاند(١٩٠٠-١٩٩٠) دەڵێت: لەمێژوی موزیکدا سێ جۆر لە ئاوازدانەر دەرکەوتون، هەر یەکەیان بە ڕێگایەکی دیاریکراو و جیاواز لەویتر، کاری ئاوازدانانیان ئەنجامداوە:

جۆری یەکەم: ئەمانە بە ئاوازدانەری موزیکی باو(تقليدي) ناوزەنددەکرێن وەکو (پالاسـترینا و یۆهان سـباسـتیان باخ). شـێوازی نۆتاندنی موزیک لەسـەدەمی ئەواندا لە لوتکەدا بوە و کێشـەی موزیکدانان تەنها کێشـەی داهێنان و ئەفراندن بوە، لە ســـنوری شـــێوازی باو و ناسراوی ســـەردەمی خۆیان و ئەمان بەشـــێوازێکی باشـــتر و وردتر و نەخشـــاندن (ornament) و بە وێنەیەکی جوانتر کارەکانیان ئەنجام داوە کە لەوەوپێش نەکرابێت(کۆپلاند، ١٩٦١: ٤٠).




(دانراوێکی یۆهان سباستیان باخ لە فۆرمی توکاتا و فیوگ)




(دانراوێکی پالاسترینا لە فۆرمی کۆراڵ)

جۆری دوەم: ئەو ئاوازدانەرانەن کە کارەکانیان لەشێوەی تەلارێک دادەڕێژن و بنیاتدەنێن، واتە دروستکردن لە بناغەوە. نمونەش بۆ ئەم جۆرە دانەرانە، لودڤیک ڤان بیتهۆڤنە (١٧٧٠-١٨٢٨ز)، بەگوێرەی ڕێباز و تیۆری موزیکدانان، باشترین نمونە و جۆری ئاوازدانەرن. لێرەدا دانەر کارە موزیکیەکانی بە بیرۆکەیەک دەستپێدەکات و تەلار و ڕێڕەوی ئاوازەکەی لەسەر بنەمای بیرۆکەکە دادەڕێژێت. شێوازی کارکردنی بیتهۆڤن بەم شێوەیە بوە و هەمیشە پەڕاوی نۆتە نوسینی پێبوە و ڕۆژانە بیرۆکە و تێبینیەکانی بەبەردەوامی تێیدا نوسیوەتەوە، دواتر بۆ ماوەیەکی زۆر پارچەی ئاوازەکانی لەگەڵ یەکتردا گونجاندوە، تاوەکو لە کۆتاییدا بەوە گەیشتوە کە دانراوەکە تەواو پێگەیشتوە ئینجا وازی

لێهێناوە(کۆپلاند، ١٩٦١: ٣٩). هەروەها کۆرت ســاکس (Curt Sachs) بەم شــێوەیە باس لە شــێوازی کارکردنی بیتهۆڤن دەکات: "ئامانجی بەرهەمەکانی وەسفکردن نەبو، بەڵکو دەربڕینی هەست بو نەک وێناکردن. وەک خۆی ڕونی کردۆتەوە، بەڵام لۆژیکی ناوەوەی دانراوە موزیەکەی دور بوە لە پابەندبون بە مۆدێلە باوەکان (تقلید)، بە پێچەوانەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەر کام لە بەرهەمەکانی فۆرمولە و پێکهاتەی تایبەتی خۆی هەیە. هەمیشـــە هەوڵی داوە بۆ بەدەســتهێنانی یەکگرتویی زیاتر لە وردترین ماناکانیدا، وایکردوە شـــاکارە مەزنەکان لە یەک بیرۆکە یان خانەیەکی مێلۆدییەوە گەشــە بکات" (ســاکس، ٢٠١٤: ٤٢١). لەســەردەمی بتهۆڤن تاکو ئێســتا زۆرن لەو دانەرانەی بەم جۆرە کاردەکەن و پەیڕەوی لەم شێوازەی موزیکدانان دەکەن.




(دانراوێکی بیتهۆڤن لەفۆرمی سۆناتا)

جۆری ســێیەم: ئەو ئاوازدانەرە ئیلهامبەخشــەن، کە بەهەوڵ وماندوبونێکی کەم، خەیاڵی گوێگر دەوروژێنن و پڕن لە داهێنانی موزیک، بەجۆرێک وەکو کانیاو، موزیک لێیانەوە هەڵدەقوڵێت. نمونەش بۆ ئەم جۆرە ئاوازدانەرانە، فرانز شـــۆبەرتە (١٧٧٩-١٨٢٨ز)، ئەم جۆرە ئـاوازدانەرانە بەوە دەنـاسرێنەوە کە خـاوەنی بەرهەمی زۆر و بەلێشـــاون و دانراوەکانیان بەبیرۆکەیەکی موزیکی دەســت پێناکات، بەڵکو ڕاســتەوخۆ بەدانراوێکی تەواو کارەکە بەئەنجام دەگەیەنن. لەبەر ئەوە دەبینین باشـترین جۆری دانراوەکانیان کورتن، چونکە ئیلهامی پارچەیەکی بچوکی موزیک یان گۆرانی ئاسـانترە لە ئیلهام و دانانی دانراوێک لە شـێوەی سـیمفۆنی. هەر ئەم هۆکارەشـە کە فرانز شـۆبەرت و دانەرانی هاوشـێوەی ئەم، لەدانراوە کورتەکاندا زیاتر ســەرکەوتو بونە (کۆپلاند، ١٩٦١: ٣٨) هەر دەربارەی شـــێواز و توانایی ئاوازدانان لای شـــوبەرت بەم شـــێوەیە باسی لێوە کراوە "هیچ ئاوازدانەرێک نەیتوانیوە هاوتای توانایی مێلۆدیەکانی شـــوبێرت بێت. بەشـــێوەیەک مێلۆدیەکانی گوزارشـــت بون لە جۆراو جۆری گۆرانییە باوەکان و جوانی سروشـــت و تێکەڵ کردنی بەهەستەکانیەوە کە لە دڵەوە سەرچاوە یان دەگرت و سادەیی و شکۆمەندی تێیدا بەرجەستە بو(لایخنتریت، ١٩٦٤: ٣١٣).




(دانراوێکی فرانز شوبەرت بەناوی سیرینادا)

## ٥-٢ جۆرەکانی چنین لەموزیکدا (The Textures):

دانراوە موزیکییەکان وەک بەرهەمێکی هونەری، لە ڕوی پێکهاتەو بابەتە بنەڕەتییەکان کە لەڕستەی موزیکیدا خۆی دەنوێنێ، لە ڕوی ڕوکاری گشتییەوە چەندین فۆرم وەردەگرن. تیۆرەکانی موزیکدانان چەندین دەرفەت و ئەگەریان بۆ دانەر ڕەخساندوەکە بیرۆکەی نوێ و هەمەچەشن لەخۆدەگرێت. بەجۆرێک دانەر تەواوی ئازادی هەیە لەهەڵبژاردنی فۆرم و دەستەواژەکانی لە ڕوی پێکهاتەی ڕیتمی و میلۆدی، کە بەهۆیەوە دەتوانێت گوزارشت لە هەست و بیری تایبەتی خۆی بکات.

بەشێوەیەکی گشتی چوار جۆری سەرەکی پێکهاتەی مێلۆدی، لە چنینی موزیکداهەیە، کەدەرهاویشتەی شارستانیەتی موزیکە لە جیهاندا، ئەویش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە (میانەکان و ڕەگەزەکان و پەیژەکانی موزیک و گەشەسەندنە تیۆری و پراکتیکیەکانەوە) بەرجەستە بوە.

وشەی "چنین" لە موزیکدا ئاماژەیە بۆ ئەوکاریگەری و کارلێکە جیاوازانەی کە لە نێوان توخمەکانی موزیکدا ڕودەدەن، سەرەنجام دانراوەکە لەم پێکهاتانە دروست دەبێت کە بریتین لە: مێلۆدی وریتم و جۆری دەنگ (**الطابع الصوتي**) و هارمۆنی(فريد ٢٠٠٥: ٤٩-٥٠).

بەشێوەیەکی گشتی چوار جۆری چنین لەموزیکدا هەیە، کەئەوانیش بریتیین لە:

### ١-٥-٢ مۆنۆفۆنی (Monophony):

مۆنۆفۆنی یەکێکە لە شێوە ساکارەکانی داڕشتن و چنینی موزیک، لەناوەڕۆکدا لە میلۆدییەکی ئاسانی یەک هێڵی پێکدێ. دەکرێت ئەم میلۆدییە بۆدەنگێکی مرۆیی، یان بۆ یەکێک لە ئینسترۆمێنتە موزیکییەکان بنوسرێت. هەروەها مۆنۆفۆنی پانتاییەکی فراوانی لەداڕشتنی گۆرانییە ئایینیەکاندا داگیرکردوە، وەک (ماس، مۆتێت، سرودەکانی گریگۆری...هتد)، لەلایەکی تر زۆرلە ئاوازەکانی سۆناتاکان لەسەدەی حەڤدەدا لەسەرئەم شێوازە داڕێژراون. هەروەها گۆرانییە میللەکانش بەهەمان شێوە کاریان بۆکراوە(فەرەج، ٢٠١٥: ١٣٢).





توێژەر پێیوایە شـێوازی گشـتی زۆربەی دانراوە موزیکییە کوردییەکان لەڕوی چنینی موزیکییەوە، مۆنۆفۆنییە، بەتایبەتی دانراوەکانی ئەو بەهرەمەندانانەی کە زانیاری پێویستیان لەسەر تیۆرییەکانی موزیکدانان نییە.


### ٢-٥-٢ هۆمۆفۆنی: (Homophony)

هۆمۆفۆنی بریتییە لە ڕەوتی ئاوازێکی میلۆدی یەک هێڵی، بەهاوشـــانی کردنی چەند ئاوازێک، یاخود چەند چنینێکی دەنگ هەڵچنراو لەســەر یەک، بەپێی ڕێسـا هارمۆنیەکان. سـەرەتاییترین جۆری هۆمۆفۆنی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی شازدەیەم، دواتر لە سەدەی حەڤدەدا هۆمۆفۆنی بوبەیەکێک لە بۆتە هەرە گرنگەکان، هەوەها هۆمۆفۆنی بەو پارچە موزیکە دەوترێت کە تەنها لە میلۆدییەک و هاوشـانیکردنێکی هارمۆنی پێکدێت (عید، ٢٠٠٦: ٧٦٥). دوجۆری سەرەکی هۆمۆفۆنی هەیە:

جۆری یەکەم: هۆمۆفۆنی ڕیتمیی یەکگرتو کە تێیدا هێڵی مێلۆدی بنەڕەتی هاوکات دەبێت لەگەڵ ئەو دێڕانەی تر کە نوێنەرایەتی هاوشانی کردنی هارمۆنی ئاوازە بنەڕەتییەکە دەکەن و لەم بارەدا هەمو دێڕەکان بە یەک شێوە ی ڕیتمیی یەکسان دەجولێن. وەک ئەم نمونەیە:





جۆری دوەم: مێلۆدیی لەگەڵ هاوشـــانی کردنی هارمۆنیدا، وەک کاتێک گۆرانیبێژێک گۆرانی بچڕێت بەهاوشـــانی کردنی ئاکۆردی هارمۆنی ئامێرێکی گیتار، یان کاتێک پیانۆژەنێک بە دەستێک مێلۆدییەکی دیاریکراو دەژەنێت و دەستی دوەمیش ئاکۆردەکانی هارمۆنی دەژەنێت. لەم جۆرە هۆمۆفۆنیەدا مێلۆدی گرنگییەکی ســـەرەکی هەیە و هاوشـــانی کردن گرنگی لاوەکی هەیە (زکریا، ٢٠٠٤: ٢٣٣). وەک ئەم نمونەیە:




### ٢-٥-٣ پۆلیفۆنی (Polyphony):

پۆلیفۆنی زاراوەیە کە بە واتای ژەنینی یان وتنی چەند دەنگێک لە یەک کاتدا، وە بەکارهێنانی ئەو چەند دەنگە ئاماژەیە بۆ بونی کۆنتراپۆینت، بیستنی پۆلیفۆنی وا لە گوێگر دەکات لەیەک کاتتدا گوێبیستی چەندین میلۆدی بێت کە بەشێوەیەکی ستونی دارێژراون (Kamien, Roger. Kamien, Anita, 2018: 53).

ئەو پارچە موزیکانەی بەر لەساڵانی ١٦٠٠ز و دواتریش نوسراون بەشێوازی پۆلیفۆنی دانراون و نوسراونەتەوە (کوبلاند، ١٩٦١: ١٣٨). لەسەدەی هەژدە دا بەشێوەیەکی نوێ پۆلیفۆنی لەکارە موزیکییەکاندا بەرجەستەکرا و بەپشت بەستن بەرێساکانی (کۆنتراپۆینت)، کە بە (پۆلیفۆنی نوێ) ناسرا، ئەویش لەرێگەی یەکێک شاکارەکانی موزیسیان (پۆل.هیندمیت) بەناوی (ژیانی مریەم) (فەرەج، ٢٠١٥: ١٣٦).





### ٢-٥-٤ هیترۆفۆنی (Heterophony):

هیترۆفۆنی زاراوەیەکی نـاڕونە کە لەلایەن گریکەکانەوە دارێژراوە بۆ وەســـفکردنی گۆڕانکاری (variation) لە یەک مێلۆدیدا، هەروەها ئەم زاراوەیە بۆ بواری دەنگیێژی بەکاردەهێنرا، لەوکاتـانەی لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و دور، ئـامێرێکی موزیک هاوشانی دەنگی مرۆیی دەکرد. ئەم شێوە چنینە لە موزیکی ڕۆژهەڵاتیدا زۆر باوە، وەکو کۆژەنی یان بە کارهێنانی لازمە[9] و یان ژەنین لە چینی ئۆکتافی سەرو، خوارو( Michal Kennedy, 2007: 346 )

هێتێرۆفۆنی، بە شـــێوەیەکی باو لە موزیکی میللی و فۆلکلۆریدا بەکاردەهێنرێت و کاتێک هەمان کاری موزیک لەلایەن دو ژەنیار یان زیاتر جێبەجێدەکرێت، بەڵام بە نمایش و گۆڕانکاری جیاواز لەلایەن هەر ژەنیارێک، بۆنمونە: مێلۆدی سەرەکی لەدێڕی دوەمە، و لە دێڕی یەکەمیشدا بە شێوازێکی جیاوازترجێبەجێدەکرێت:

**J.S.Bach from Cantata BWV 80 "Ein' feste Burg ist unser Gott", Aria for soprano with oboe obbligato**





هەروەها هێتێرۆفۆن جۆرێکە لە چنین کە تایبەتە بە یەک هێڵی مێلۆدی جیاواز. ئەم چنینە دەتوانرێت بە جۆرێک لە مۆنۆفۆنیکی ئاڵۆز هەژمار بکرێت کە تەنها یەک مێلۆدی بنەڕەتی هەیە، بەڵام لە یەک کاتدا هەســت بە چەند دەنگێک دەکرێت، کە هەریەکەیان بە ڕیتم و شێوەیەکی جیاواز مێلۆدییەکە دەژەنێت.

زۆرجار شـێوازی هێتێرۆفۆنی ڕوخسـارێکی دیاری موزیکی فۆلکلۆری نا ڕۆژئاواییە، بۆ نمونە موزیکی کلاسـیکی عوسـمانی، موزیکی کلاســـیکی عەرەبی، موزیکی جاگاکوی ژاپۆنی، موزیکی گامێلان لە ئەندەنوســـیا، وە موزیکی باوی (التقليدية) تایلەندی.(music/musical-texture)

توێژەران پێیان وایە کە هیترۆفۆن زیاتر پەیوەندی بە جێبەجێکردنی موزیکە وە هەیە نەک بە پرۆسەی دانانی موزیک و ئەم جۆرە دەربڕینەش (ئەدا) لە شێوازی موزیک وگۆرانی عێراقیدا بونی هەیە، بە موزیک و گۆرانی کوردیشەوە.

بۆ کورتکردنەوەی بابەتەکە، لێرەدا بەشێوەی دیاگرام (Diagram) هەر چوار جۆری چنین (Textures) دەخەینەڕو:




https://www.musictheoryacademy.com/understanding-music/musical-texture

**٢-٦ ئەنجامەكانی توێژینەوە:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- لەئەنجامی ئەو گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەرییەیانەی كەلەسەرەتای سەدەی چواردە وسەدەكانی دواتر لە ئەوروپا ڕویاندا، بوە هۆی دەركەوتنی چەندین ڕێباز وقوتابخانەی نوێی موزیكی و لەناویاندا دەركەوتنی ژمارەیەک لە دانەری بەتوانای بواری موزیكدانان.

٢-گرنگترین تایبەتمەندیی دانەری موزیک ئاشنابونیەتی بە زانستی موزیكدانان و پێكهاتەكانی، وەک زانستی كۆنترا پۆینت و هارمۆنی بە هەمو شێوەكانیەوە و فۆرمەكانی موزیک و زانستی ئامێرەكانی موزیک (ئۆركێستراسیۆن) و شێوازەكانی موزیكی كلاسیک و مۆدێرن، واتە ئاشنابون بە هەمو شێوازە جیاجیاكانی موزیكدانان.

٣- ئاوازدانەران لە دوای شۆڕشی فەرەنسا و دەستپێكردنی سەردەمی ڕۆمانتیک، دەستیان كرد بە گرنگیدان بە ڕۆڵ و پێگە و بیروبۆچونی خۆیان و ئەركی كۆمەڵایەتی و مرۆیی كارەكانیان لەناو كۆمەڵگادا، یەكێك لەو دانەرانەش (بیتهۆڤن) بو.

٤- بەرهەمە هونەرییە مەزنەكان یان شاكارە موزیكییەكان ئەوانەن، كە لە مێشک و یادەوەری مرۆڤدا دەمێننەوە، هەنگاو بەهەنگاو پێگەیشتون و بە بەرهەم هاتون، واتە لەدایک بونی كارێكی هونەری باش، لە هاوسەنگی نێوان هزر و دەرونەوە سەرچاوە دەگرێ.

٥- لەسەدەی هەژدەدا پۆلیفۆنی بەشێوەیەکی نوێ لەکارە موزیکییەکاندا بەرجەستەکرا بە پشت بەستن بەڕێساکانی (کۆنتراپۆینت)، کە بە (پۆلیفۆنی نوێ) ناسرابو.

٦- لەمێژوی موزیکی ئەوروپیدا و تاکو سەدەی ڕۆمانتیک، سێ جۆر لە ئاوازدانەر بەدیارکەوتن.

٧- بەشوەیەکی سەرەکی چوار جۆر چنین لە موززیکدا هەیە، ئەوانیش بریتین لە (مۆنۆفۆنی و هۆمۆفۆنی و پۆلیفۆنی و هیترۆفۆنی).

### ٧-٢ پێشنیار و ڕاسپاردەکان:

پێشنیار بۆ توێژەرانی کورد، گرنگی بە توێژەنەوەی زانستی بدەن لەبواری موزکدانان و ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بەم بوارەی خوێندنی موزیکەوە هەیە. بەمەبەستی بەرەوپێشچون و ئاشناکردنی قوتابیان و بەهرەمەندان بە نوێترین ئەو تەکنیک و زانیاریانەی کە لەلایەن دانەرانی جیهانیدا پەیڕەودەکرێن و سود لێوەرگرتن و بەرەوپێش بردنی ئاواز و دانراوی موزیکی کوردی.

ڕاسپاردەی توێژەر بۆ لایەنی پەیوەندیدار، گرنگی زیاتر بدرێت بە خوێندنی موزیکدانان لە ناوەندەکانی خوێندن لەبەشی موزیکی پەیمانگاکان وکۆلیژەکانی هونەرە جوانەکان لەهەرێمی کوردستان و دابینکردنی سەچاوەی پێویست لەم بوارەدا.

## The Role of the Composer in The Process of Composing

Abubakir Khalid Ahmed[1] - Hatham Shaoobi Ibrahim[2]

[1]Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Art Education, College of Primary Education, Mustansiriyah University- Baghdad, Baghdad, Iraq.

Abstract:

This research is based on a historical and descriptive methods, scientifically and includes several topics, generally discusses the role of composers in the process of composing music in the history of several different periods of music in Europe, and highlights the efforts of composers and the development of musical styles and forms.

The content of this research consists of several articles: The first article is about the history of music in Europe and the composers who have performed in several schools of music in countries such as Italy, Germany, France, Austria, the Netherlands and Britain. Chapter 2 discusses the multidimensional aspects of the composer and the process of composing. The third chapter deals with the style of the composers. The fourth chapter discusses the types of textures in music, including monophony, homophony, polyphony and heterophony.

**Keywords:** Composer, composing, role.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: کتێبەکان:**

**بەزمانی کوردی:**

هاڵست، ئیمۆجن٢٠٠٥، ئەلفبێیەکی موزیک، و.ع.ج. سەگرمە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

فەرەج، غەمگین٢٠١٥، دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک، ئینستیوتی کەلەپوری کوردستان، چاپخانەی منارە، هەولێر.

لۆڤلەک، ولیەم٢٠٠٠، بنەماکانی موزیک، وەرگێڕانی، ع.ج. سەگرمە، بنکەی ئەدەبی و ڕوناکبیری گەلاوێژ، چاپخانەی، داناز سلێمانی.

ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسوڵ٢٠٠٤، هیگڵ فەلسەفە و مۆدێرنیزم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج، چاپی دوەم، سلێمانی.

**بەزمانی عەرەبی:**

كوبلاند، ارون١٩٦١: كيف تتذوق الموسيقى، ترجمة: محمد رشاد بدران، ط2، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، القاهرة.

علي، اسعد محمد١٩٧٤: مدخل الى الموسيقى العراقية، دارالحرية للطباعة، بغداد،.

اينشتاين، ألفريد١٩٧٣: الموسيقى في العصر الرومانتيكي، ترجمة أحمد حمدى محمود، مراجعة حسين فوزى، الهيئة المصرية العامه للكتاب، القاهرة.

زكريا، حسام الدين٢٠٠٤: المعجم الشامل للموسيقى العالمية، ج١، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

روسو، وليام: فن الموسيقى وتأليفها، ترجمة: خالد صدوق، د.ت،

ساكس، كورت٢٠١٤، تراث الموسيقى العالمية، ترجمة: سمحة الخولي، مراجعة وتقديم: حسين فوزي، المركز القومي للترجمة، القاهرة.

السيسي١٩٨١، يوسف: دعوة الى الموسيقى، الكويت.

الشوان، عزيز ٢٠٠٥: الموسيقى تعبير نغمي ومنطق، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

- ، - : ١٩٧٩،الموسيقى للجميع، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

فريد، طارق حسون٢٠٠٥: نظريات وطرائق تحليل الموسيقى العربية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي – جامعة بغداد، الدار الجامعية للطباعة والنشر والترجمة، بغداد.

عكاشة،١٩٨٠، ثروت: الزمن ونسيج النغم، دار المعارف، مصر.

عبدالله، علي٢٠٠٠: الأبداع الموسيقي، مطبعة دار الشؤون الثقافية العامة، وزارة الثقافة والأعلام، بغداد.

فريد، طارق حسون بغداد٢٠٠٠: تأريخ الفنون الموسيقية، الجزء الثاني، مديرية دارالكتب للطباعة والنشر.

فيني، ثيودور م١٩٦٥: تأريخ الموسيقى العالمية، ترجمة: سمحة الخولي و محمد جمال عبدالرحيم، تقديم: حسين فوزي، دار المعرفة القاهرة.

عيد، كمال الدين: اعلام ومصطلحات الموسيقى الغربية، مراجعة، الفت المنيري، دارالوفاء لدنيا الطباعة و النشر،

لايخنتريت، هوجو: ١٩٦٤، الموسيقى والحضارة، ترجمة: احمد حمدي وحسين فوزي، الدار المصرية للتأليف و الترجمة، القاهرة.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

Michal, Joyce Kennedy2007, Oxford Concise Dictionary OF Music, Oxford university press, fifth ،Kennedy edition,

Ammer, Christine2004, *The Facts on File Dictionary of Music*, Facts On File, Inc.132 West 31st Street,New York NY 10001.

*Computational Intelligence in Music Composition*: A Survey Chien-Hung Liu and Chuan-Kang Ting 2016.

Kamien, Roge, Kamien, Anita2018. Music An Appreciation, Description: Twelfth edition. New York, NY: McGraw-Hill Education.

Shipps, David, UNT Classic Learning Core Honors *The Art of Music Composition*, Summer 1999.

Borowiecki, Karol Jan and John O'Hagan. (2012), *Historical Patterns Based on Automatically Extracted Data: The Case of Classical Composers.*

**ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان**

لیۆنین، ٢٠٢٢(ئۆنلاین)، ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لەمانگی (ڕێبەندانی)ی ٢٠٢٣ سەردانی کراوە:

https://en.wikipedia.org/wiki/ %C3%A9 Lonin

جوسکان دوبریه، المعرفه (ئۆنلاین) ئەم ماڵپەڕە لەلایەن توێژەرەوە لەمانگی (ڕەشەمێ)ی ٢٠٢٣ سەردانی کراوە:

(جوسكان_دو_بري https://www.marefa.org)

https://www.marefa.org/%D9%85%D8%A4%D9%84%D9%81_%D9%85%D9%88%D8%B3%D9%8A%D9%82%D9%8A/simplified

جاکوب ئۆبریخت، المعرفه (ئۆنلاین) ئەم ماڵپەرە لەلایەن توێژەرەوە لەمانگی (ڕەشەمێ)ی ٢٠٢٣ سەردانی کراوە:

(جاكوب_أوبريختhttps://www.marefa.org/).

Ben Dunnet (ئۆنلاین) ئەم ماڵپەرە لەلایەن توێژەرەوە لەمانگی (نەورۆز)ی ٢٠٢٣ سەردانی کراوە:

/https://www.musictheoryacademy.com/understanding-music/musical-texture

**سێیەم: گۆڤارەکان**

عاطف عبدالحميد١٩٩٥: "اسلوب استخدام اللزمه الموسيقيه عند كل من زكريا احمد والسنباطي" بحث منشور، مجلة علوم وفنون الموسيقي، كليه التربية الموسيقية، جامعة حلوان، القاهرة.

فراس ياسين،٢٠١٠ مقومات التطريب في الأغنية العربية من وجهة نظر متخصصة، بحث منشور، مجلة كلية التربية الأساسية، جامعة المستنصرية، العدد ٦٤.

ياسين، فراس، ٢٠١٠ بناء الشكل في مؤلفات موسيقى الأوركسترا العراقية، مجلة كلية التربية الأساسية العدد الحادي والستون.

**چوارەم: نامەی ماستەرو دکتۆرا :**

ئەلیاس، کاوان ئەحمەد، ٢٠١٧ بەکارهێنانی گۆرانی شادیبەخش لە موزیکدانانی کوردی هاوچەرخدا (ناوەندی پارێزگای سلێمانی)، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەڵاحەدین.

هرمز، ميسم، ٢٠١٧ أسلوب الإنسجام الصوتي وفق بناء التالفات العمودية والافقية ضمن السلالم الدياتونية في مؤلفات السيمفونية العراقية، أطروحة الدكتوراه غير منشورة.

**پەراوێزەکان:**

١- مۆتێت (**Motet**): یەکێکە لە جۆرە بەناوبانگەکانی گۆرانی ئایینی یاخود موزیکی مرۆیی، بەهۆی کۆمەڵ دەنگێکی مرۆیی جیاوازلەروی چینی دەنگییەوە دێتە نمایشکردن، لەروی ناوەرۆک و داڕشتنی موزیکییەوە بەشێوەی (کانون) یان لەشێوەی (فیوگ) کاری لەگەڵ دەکرێت، سەردەمی ڕێنسانس بەسەردەمێکی زێڕین دادەنرێت کەلەوکایەدا و لەسەر دەستی دانەران (پالاسترینا) و (ئۆرلان دی لاسۆ) و چەندانی تردا، مۆتێت گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی (غەمگین فەرەج، ٢٠٠٥: ١٠٦).

٢- لیۆنین (1150 -1201) نوســەرێکی دیاری بواری پۆلیفۆنی یە. لەوانەیە فەرەنسی‌ـ بوبێت، و لە پاریس لە کاتدراڵی نۆتردام ژیاوە و کاری کردبێت و یەکەم ئەندامی قوتابخانەی پۆلیفۆنی و شــێوازی ئارس ئەنتیکۆی نۆتردام بوبێت وە ناوی **Léonin** لە "**Leoninus**" وەرگیراوە کە ناوی بچوککراوەی لاتینییە بۆ ناوی **Leo**. کەواتە پێدەچێت ناوە فەرەنسیەکەی (لیۆنین) لیۆ **Leo** بێت (**https://en.wikipedia.org/wiki/ %C3%A9 Lonin**).

٣- پێرۆتین بە فەرەنسی **Pérotin** (١١٦٠-١٢٢٥)، ناسراو بە پێرۆتینی گەورە نوسەرێکی فەرەنسی بو، بەناوبانگترین ئەندامی قوتابخانەی نۆتردام بوە لە شێوازی هونەری پۆلیفۆنی و کۆن، ناوی (پێرۆتین) لە ئاوازدانەرانی کۆتایی سەدەی ١٣دا هاتوە، کە دەستکاری کتێبی گەورەی لیۆنی کردوە و باشتری کردوە، دوەم مامۆستای گەورەی قوتابخانەی نۆتردام بو لە پاریس، لەوێش شوێنی لیۆنین ی گرتەوە.، و لەگەڵ شاعیر فیلیپ ی ڕاوێژکار کاریان کردوە، کە ئاوازی بۆدەقەکانی وەک **Beata viscera** و بەرهەمەکانی لە فۆرمی مۆتێتدا ئامادە کردبێت، بێروتین پێشەنگ بو: دانراوەکانی کە بۆ چوار دەنگ و بە ڕێنوسی لاتینی نوسراون هەندێک ئاکاری مۆدێرنیان تێدایە (**Christine Ammer, 2004: 308**).

٤- ماس (**Mass**): وشــەی ماس لە وشــەی (**Missa**) ەوە هاتوە بەواتای پیرۆز، ماس یاخود گۆرانییە پیرۆزەکان، یەکێکە لە گۆرانییەکانی کڵێســای کاســۆلیکی کە پەیوەست بوە بە دەقی ئەو تێکستانەی تایبەت بوە بە بۆنە ئاینییەکان و جەژنەکان. دواتر زۆر لە نوێژو نزاکانی ناو کڵێساکان بەشێوەی گۆرانی ماس وتراوە. گۆرانی ماس لەناوەرۆکدا لە پێنج بەشی جیاواز پێک دێت کە ئەمانەن: کیری (**kyrie**)، گلۆریا(**Gloria**) کریدۆ (**Credo**) ســانتکۆس (**Sancuse**)، ئاگنۆس (**Agnus**).... بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە (غەمگین فەرەج، ٢٠٠٥: ١٠٨).

٥- جاكوب أوبريخت (١٤٥٧- ١٥٠٥ز) (Jacob Obrecht):

موزسیانێکی هۆڵەندیە لە قوتابخانەی فرنکۆ - فلامینکۆی سەردەمی ڕێنێسانس. بەناوبانگترین ئاوازدانەری موزیکی (قەدداس) بوە لە ئەوروپا لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەهەمدا. دانراوەکانی(ئۆبرێخت) زۆردەرنەکەوتن بەهۆی هاوچەرخەکەیەوە، (جۆسکان دو پرێ)، سەرەڕای ئەوەش بەهرەی ئاوازدانان لە بەرهەمە گەورەکانیدا بە کوالیتی بەرزی موزیکی ئایینی و دنیایی دا دیارە، ئەمەش هەندێک گرنگی دەدات بەو تیۆرییەی کە توانیویەتی لە یەک شەودا ئاوازێکی تەواو بۆ (قەدداس) ی ئاسایی ئامادە بکات. لە مۆتێتێکدا کە بۆ ڕێزلێنان لە باوکی نوسیویەتی، نوسەر بە ناوی جاکۆب ئۆرفیاس ناوی بردوە. (https://www.marefa.org/جاكوب_أوبريخت).

٦-جوسکان دو بري Josquin des Prez (1450-1521)، ئاوازدانەری سەردەمی ڕێنێسانسی فرانکۆ-فلامینکۆبو. جۆسکان دو پرێ (بە سادەیی بە جۆسکان ناودەبرا) لە کۆتایی سەدەی پانزەهەمدا بە هەمان شێوەی (دوڤای) لە ناوەڕاستی سەدەدا زاڵ بو بەسەر دیمەنی موزیکیی ئەوروپای ڕۆژئاوادا. وەک دوفای لە باکوری ئەوروپاوە هاتوە، ڕەنگە لە (سانت کوینتین) لە شاری هاینۆ لە فەرەنسا و ناوبانگێکی زیاتری هەبوبێت. وە هاوچەرخەکانی بەراوردیان دەکرد بە (مایکل ئەنجێلۆ) و (لوتێر) بەم جۆرە وەسفیان دەکرد: "جۆسکان داهێنەری نۆتەکانە، کە ئەوەی مەبەستی بێت دەیکات، لەکاتێکدا ئاوازدانەران دەبێت ئەوەی نۆتەکان دەیانەوێت بیکەن". پۆلیفۆنی لەگەڵ (جوسکان) دا دەرکەوت. بۆ یەکەمجار گرنگییەکی ڕاستەقینەی بە گەیاندنی مانای وشەکان داوە، بەڵام جوانی گەڕانی دەنگەکە لە هەموی بەرچاوترە. ئەوە جۆسکان بو کە شێوازی مۆسیقای ئایینی ڕێنێسانسی دامەزراند، تابلۆیەکی دەوڵەمەندی لیریکی لە دەستەواژەی درێژ دروستکرد کە تێیدا لاسایی کردنەوە هاوسەنگ لە نێوان دەنگەکاندا هەستێکی یەکگرتویی و پێشکەوتن دروست دەکات (https://www.marefa.org/جوسكان_دو_بري).

٧- جۆرج ویلهێلم فریدریک هیگڵ(Georg Wilhelm Friedrich Hegel)، فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە لە دایکبوی شاری شتوتگارتە لە ناوچەی باشوری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا، هیگڵ بە یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی ئەڵمانی دادەنرێت، لەتەمەنی (١٠)ساڵیدا واتا لەساڵی(١٧٨٠)ز دا هیگل دەچێتە پەیمانگای تۆبنگن بۆ خوێندنی لاهوت کەماوەی پێنج ساڵی خایاند، زو هەستی بەوەکردوە کە جیهان بەرجەستەکردنی ژیانێکی بێ کۆتاییانەیە. هیگل بە گرنگترین دامەزرێنەری ئایدیالیزمی ئەڵمانی دادەنرێت لە بواری فەلسەفە. لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمی زاییندا پەرەی بەو شێوازە دیالکتیکییە دا کە لە ڕێگەیەوە سەلماندی کە ڕەوتی مێژو و بیرۆکەکان لە ئامادەبونی تێزەکە و پاشان دژە تێزەکەی و پاشان کۆکردنەوەی نێوانیان ڕودەدات. هیگڵ دوا بنیاتنەری "گەورە" بوە پرۆژە فەلسەفییەکان" لە سەردەمی مۆدێرن و فەلسەفەکەی کاریگەری قوڵی لەسەر زۆربەی فەلسەفە هاوچەرخەکان هەبوە (ئیسماعیل، ٢٠٠٤: ٨).

٩- ڕەنگی موزیک: بریتییە لە سروشتی دەنگ، بۆنمونە: سروستی ئەو دەنگەی لەئامێری پیانۆ وە دەردەچێ، لەگەڵ سروشتی دەنگی ئامێری ڤایۆلین دا جیاوازە. هەروەها سروشتی ئەو دو ئامێرەش لەگەڵ ئەوانەی ترامپێت و ئۆبوا دا جیاوازن و هەریەکەیان خاوەنی ڕەنگێکی تایبەتییە (لۆڤلەک، ٢٠٠٠: ١٤).

١٠- لازمە: مەبەست لە لازمەی موزیکی ئەوەیە کە ئامێرەکان دەست دەکەن بە ژەندن، لەکاتێکداکە گۆرانیبێژەکە بێدەنگە، و لازمە ڕستە لیریکییەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و گرنگترین مەبەستیشی ئەوەیە کە بگاتە ئەو تۆنە موزیکیەی کە گۆرانیبێژەکە دەیەوێت لە بەشی دوەمی گۆرانی وتندا دەست پێبکات. هەروەها دەربڕینێکی مێلۆدی ئامێرەکانە بۆ پشودانێکی کاتیی، گۆرانیبێژ، وە ئەو میلۆدییە دەکرێت ئینتقالی بێت بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری مەقامی ڕوبدات، وە دەبێتە تەواوکاری بۆ هەمان مەقام (عبدالحمید، ١٩٩٥: ٦٣).